**ئینديکسی نوێی گەندەڵی**   **و. هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠١٩/١/٣٠**

ڕێکخراوی شەفافییەتی جیهانی:لە سەرتاسەری جیهان دا قەیرانی دیموکراسی" دەبینێت.

گەندەڵی لەدنیا وەک کێشەیەکی گەورە دەمێنێتەوە: زۆرینەی وڵاتانی جیهان لە ڕاپۆرتی Transparency International -TI- پلەیەکی خراپ بەدەست دێنن. لە ئەڵمانیا بارودۆخەکە کەمێک خراپتر بووە - لە ئەمەریکا زۆر خراپتر بووە.

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ، ڕێکخراوی ناوبراو TI دوای ئەوە کەسانی شارەزا و پسپۆر لێکۆڵینەوەیان کردووە لە ١٨٠ وڵاتدا ، ئینديکسی ئاماژەی گەندەڵی Corruption Perception index CPI نمرە یاخود پلەی ٠ - ١٠٠ واتە سفر تا سەد، دانان بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەی گەندەڵی لە وڵاتەکان دا. تا ژمارەکە زۆر بێت، نیشانەی باشی بارودۆخەکەیە. واتە کەمی دیاردەی ئاماژەی بوونی گەندەڵی زۆر و نەرێنییە.



بە تێکڕا ٣/٢، واتە دوو لە سێی وڵاتان دەکەونە خوار تێکڕای پلە ٥٠ وە. ئەمەش نیشانەی بارودۆخێکی خراپ و شێواو دەنوێنێ. تەنیا ٢٠ وڵات توانیویانە لە ٢٠١٢ وە بەرەو باشتر بڕۆن. لەوانە٩+Guyan لە ٢٠١٢ ەوە، ٨+Argentin لە ٢٠١٥ ەوە، Elfbeinküste ساحل العاج+٨ لە ٢٠١٣ ەوە. ١٦نەتەوە زۆر دابەزیون لە نێوانیان دا: هەنگاریا - ٩ لە ٢٠١٢ ەوە، تورکیا - ٩ لە ٢٠١٣ ەوە و مەکسیک - ٨ لە ٢٠١٣ ەوە.

دانیمارک لە پلەی یەکەم دا و ئەڵمانیا پلەی یازدەیەم.

لەم میانەدا دانیمارک ئەم وڵاتەی سکەندەناڤیا باشترین پلەی بەدەست هێناوە ٨٨.

نیوزلەندە٨٧ و فینلەندە و سەنگاپوور و سوید و سویسرا٨٥ و سۆماڵ خراپترین پلە ١٠ بەدەستهێناوە لەدوای ئەوەوە سوریا و باشووری سودانەوە هەریەکەیان ١٣ و یەمەن و کۆریای باکور ١٤.

ئەڵمانیا لە پارەوە کەمێک خراپتر بووە لە ٨١ موە بووە بە ٨٠. ئەمەش ناکاتە ئەو ١٠ باشترینەی ریزبەندە جیهانییەکە. ئەڵمانیا پلەی ١١ لەگەڵ بەریتانیا بەش دەکات. هەروەک شێڤی ئەڵمانیای TI Edda Müllerدەڵێت.

ئەمەریکا بۆ یەکەمجارە لە ساڵی ٢٠١١ موە دادەبەزێ لە ٢٠ Top واتە لە ٧٥ موە بووە بۆ ٧١. لە ڕاستیدا وەک شارەزایان بۆیان دەرکەوتووە، بارودۆخەکە هەمووی پەیوەندی بە هەلومەرج و دۆخی سیاسییەوە هەیە. ڕاپۆرتەکە بە ئاشکرا وابەستەیی دیموکراسییەکی تەندروست و بەربەرەکانی سەرکەوتووانە دژ بە گەندەڵی لە ناوچەکاندا دەبەستێتەوە بە دیموکراسییەوە .

سەرۆکی جیهانی TI Ferreira Rubio دەڵێ : دیموکراسی سنووردار نەکراو لە پلەی ٧٥ دایە و سنووردار کراو لە ٤٩ دا. لای ڕژێمە هەجینییەکان ٣٥. و لای ڕژێمە ئۆتوکراتەکان ٣٠ . دۆخە تابێت بەرەو شلۆقی و خراپیدەڕوات.

ئەگەری زۆری گەندەڵی لەوێدا زیاد دەکات، کەوا بنچینەی دیموکراسی لاوازە. وەک ئەوەی ئێمە لە زۆر وڵاتانی دنیادا بینیومانە، سیاسەتی نادیموکراتی و پۆپۆلیستی بۆ سوودی خۆیان بەکار دێنن Rubio.وا دەڵێت.

ڕاپۆرتەکە زۆر بەوردی جەخت لەسەر ناوچەکانی جیهان دەکاتەوە. ئەوروپای ڕۆژئاوا و یەکێتی ئەوروپا وەک یەک ناوچە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. بەدەستهێنانی تێکڕای ٦٦ ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەم ناوچەیە. ناوچەکانی ئەفەریقا و خوارووی بیابان بە پێچەوانەوە بەتێکڕا ٣٢ یان بەدەست هێناوە.

سەرچاوە:
http://www.spiegel.de/politik/deutschland/transparency-sieht-weltweite-krise-der-demokratie-korruptionsindex-a-١٢٥٠٤٥٦.html